# دەنگدان لە نێوان قازانج و زەرەرەکانیدا

ئیبراهیم مەلازادە
bmalazada@gmail.com

لەو کورتە باسەدا حەز دەکەم گفتوگۆیەک دروست بێ لە نێوان نوسەران و رۆشنبیرانی کورد سەبارەت بە دەنگدان یا دەنگنەدان بۆ هەڵبژاردنەکانی عیراق لە 12/15 ی مانگی داهاتوو.

ئەوەی ئاشکرایە کۆمەڵێک رۆشنبیر و نوسەرمان هەن بە تەواوی دژی ئەو پرۆسەیەن و خۆیان بە عیراقی نازانن کە خۆشم هیچ هەستێکم نیە بەرامبەر عیراق وەکو وڵات و بە پێچەوانەوە کە پێم دەڵێن عیراقی شەرم دەمگرێ. هەروەها هەشمانە لەبەر سیاسەتە چەوتەکانی هەردو زلحیزبی کوردستان دژی ئەو پرۆسەیەن و خەڵک هاندەدەن بۆ دەنگنەدان.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەڵتەرناتیفی ئەو پرۆسەیە چیە تا زۆر بە دڵسۆزی دژی بوەستین؟ ئایا بە دەنگنەدان رێ لەبەرامبەر پرۆسەی دیموکراسی و ئازادی واڵا دەبێ؟
هەر هیچ نەبێ تا ئەو چرکە ساتەش گومانم هەیە لە بوونی هیچ ئەڵتەرناتیفێک. یا گونجانی هەموو ئەو ئەڵتەرناتیفانەی کە لە کوردستان هەن بۆ واقیع و بارودۆخی خەڵکی کورد.
ئایا بەدەنگ نەدان کێ زەرەرمەند دەبێ؟ حیزبەکان یا دۆزی سیاسی خەڵکی کوردستان؟
هەڵبەت ئەگەر دەنگ نەدەین ئەو دەرەنجامانەی خوارەوە چاوەرێ دەکرێن:

1- مانەوەی دەسەڵاتی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و بە تایبەتیش هەردو حیزبی دەسەڵاتدار لە چوارەچێوەی هەرێم و مانەوەی واقیعی خەڵک وەکو خۆی.
2- بە هێزبوونی هێزە راسترەو و توندرەوەکان لەسەر ئاستی هەموو ئایدیۆلۆژیاکاندا بە تایبەتیش کۆمۆنیزمی و ئیسلامی.
3- پاشەکشێ کردنی پرۆسەی دیموکراسیەت و ئازادیەکان بە شێوەیەکی گشتی، ئەمەش وەکو کاردانەوەیەکی دژوار لە دژی خەڵکی دەنگنەدەر.
4- بە هێزبوون و درێژبوونی زمانی عەرەبە فاشیستەکان لە دژی کێشەی کورد و لە ئاکامیش گەرانەوەی دەسەڵاتی بەغدا بۆ کوردستان.
5- لەبارچوونی هەموو هەوڵەکانی گەرانەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بۆ سەر هەرێم.

بەڵام بە رای من دەرەنجامەکانی دەنگدان بەم جۆرەی خوارەوە دەبن:

1- بە هێزبوونی دەسەڵاتی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا و چاوەرێکردنی دروستبوونی هاوپەیمانیەکی تر لەسەر ئاستی عراق بە بەشداری کورد، کە جیدیتر و کارامەتر دەبێ بۆ داهاتۆوی عیراق و کوردستانیش.
2- بەهێزبوونی پرۆسەی دروستبوونی ئەڵتەرناتیف بۆ ئەو گەندەڵی و سیاسەتە چەوتانەی کە لە کوردستان بە رێوە دەچن بە نەفەسێکی درێژتر و بە ئاشکراتر.

3- بەخشینی دەرفەتێکی تر بە سیاسیەکانی کوردستان بۆ بەخۆداچوونەوە و باشکردنی بارودۆخی خەڵکی کوردستان.
4- گۆڕانی گەمەی سیاسی لە کوردستان، ئەگەر حیزبەکانی تر و ڕێکخراوە مەدەنیەکان چالاکتر بکەونە خۆ بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان.
5- دروستبوونی دەرفەتێکی تر بۆ گەڕانەوەی ناوچە ئازادکراوەکان بۆ سەر هەرێم.
6- چارەسەرکردنی ئەو دوو ئیدارەییەی کە هەموو خەڵکی هەراسان کردووە، ئەوە ئەگەر بەر لە پڕۆسەی هەڵبژاردن چارەسەر نەبێ، کە من بەش بە حاڵی خۆم گومانم هەیە.

ئەوەندەی من بیر لە قازانج و زیانەکانی ئەو هەڵبژاردنە دەکەمەوە، بەو شێوەی سەرەوە دەیبینم. ئەوە بە ئاشکراش دەبینین کە عەلاوی کۆنە بەعسی یەکەم کوتکی خۆی لە هەر سێ شارەکانی ژێر دەسەلاتی کورد وەشاند و درزێکی لە دیواری ئەو هەرێمە کرد بە بوونی ئەندامی سەر بەو سێ شارە لە لیستەکەیدا، کە ئەوەش زەنگێکە بۆ سەرەتایەکی ناخۆش. ئەمەش بێگومان دەرەنجامی ئەو سیاسەتە چەوت و ناهەشانەی دەسەلاتی کوردیە. دەرەنجامی باش نەکردنی بارودۆخی خەلک و ئەو مقۆ مقۆیەیە کە لە ناو خەڵکی کوردستان دەبینرێ و دەبیسرێ.
ئەگەر ڕۆشنبیران و نوسەران و تێکڕای خەڵکی کوردستان دژی ئەو سیاسەتەی دەسەلاتی کوردی بن ئەوە مانای ئەوە نیە کەلێن بدەین دەسەلاتی عروبە بێتەوە کوردستان. دژوەستانی ئەو سیاسەتە بۆ خاتری چاوی ڕەشی ناحەزانی گەلی کوردستان نیە. ئەگەر خەڵکی کورد کێشەی لەگەڵ ئەو دەسەلاتە هەبێ دەبێ کۆڵ نەدا و پڕۆسەی سیاسی ناوخۆی کوردستان ناوەستێ، هەر بەڕێوە دەبێ، دەتوانرێ کاری لەسەر بکرێ و قوربانیشی بۆ بدرێ. بەلام بەڕای من هەموو کوردێک بەرپرسیارە بەرامبەر پاراستنی هێز و دەنگی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا تا ئەو ڕۆژەی یەخەمان لە یەخەی بەغدا دەبێتەوە. ئەم لە یەخەبوونەوەش بە دروستبوونی ئەلتەرناتیف و کۆشش کردن لە پێناو گەشەسەندنی زیاتری ئازادیەکانی تاک و کۆمەڵ دەبێ.
هەر لێرەوەش ڕووی تکام لە هەردوو پارتە سەرەکیەکە دەکەمەوەو دەڵێم: بەسیە ئیدارەکان یەکخەنەوە و چیتر دوژمنانمان پێخۆش مەکەن.
هەموو خەڵکی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەردو بەڕێز کاک مەسعود و مام جەلال بزەیان کەوتە سەر لێو، دەبا ئەوانیش تەنها بۆ جارێک لە ئاستی بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆیان دابن و نەهێڵن ئەو بزەیە ببێ بە فرمێسک.
ئەم نوسینەشم دوا ئومێدە بە دەسەلاتی کوردی و ئومێد دەکەین نائومێدمان نەکەن.
بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەمجارەش دەنگ بدەین بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان.